# لە مەڕلێكۆڵینەوەی سیاسی هەژاریەكی تەواوبە كورد وە دیارە

مەهدی كاوانی /بەریتانیا /2007/08/20
mahdikawani@yahoo.co.uk



ئەوەی ڕاستی بێت ئەگەر بتەوێت لێكۆڵینەوەوەی سیاسی تەندروست بكەیت ، دەبێ لە لایەكەوە تا بۆت دەكرێت بێلایەنانە بچیتە ناو ناوەڕۆكی ئەو بابەتەی كە لێكۆلینەوەكەی لە سەر دەكەیت وكۆمەڵە پرینسیپێكیش هەنە ئەگەر بتەوێت لێكۆڵینەوەكەت بە هەند هەلگیرێ ،دەبێ پییانەوە پابەند بیت . بە بۆچوونی خۆم لیكۆلەرەوە دەبێ پێش هەموو شتێ ڕابوردو بە ئێستا ببەستێتەوەو لە ڕوانگەیەوە هەوڵ بدات تیشكیش بخاتە سەر ئایندە و هەر هەمووشی بە چڕوپڕی و كورت و پوخت بیخاتە سەر بابەتەكەی . بەڕاستی مێژوو زۆر گرنگە بۆ ئەو بابەتەی كە لێكۆڵینەوەكە لە سەری دەكەیت . ئەگەر پیناسەیەكی وردی مێژووش بكەیت ، مانای تۆمار كردنی ڕووداوە گرنگەكانی مرۆڤە. دیارە ڕووداوە مێژووییەكانیش كارو چالاكیەكانی مرۆڤ دەگەیەنێ لە هەمو ڕوێكەوە. لە هەر دەرفەتێكی مێژوویش هەل و مەرجێكی وابەستە بە ئەو كاتیەوە هەیە لە ڕووی باری سیاسی و ئابووری و كۆمەڵایەتی و ڕۆشەنبیری و ... هەروەها پەیوەندی بە جیاوازی نێوان ئەو هێزانەوە هەیە كە كەوتوونەتە ناو یەكترەوە و هەمیشە ئەو هێزانە لە نێوان خۆیان لە ناو یەكیەتی ململانێی وا بەستە بەو دەرفەتە مێژوویەی كە ڕوداوو و دیاردەكان تیایا ڕوو دەدات . مرۆڤیش ناتوانێ بە هیچ شێوەیەك هەل و مەرجە جیاوازەكان وێك بچوێنێ ،چونكە هەر دەرفەتەو وابەستە بە هەل و مەرجەكەیەتی . دەكرێ لە ڕووی ئامانج و مەبەست و بەرژەوەندیەكان ....هەل و مەرجەكان وێك بچوێنی ،چونكە مرۆڤ لە هەموو قۆناغەكان مرۆڤەو ئاكارو پەیوەندیەكانی وا بەستە بە خۆی لە هەموو دەرفەتێكا هەڵ دەگرێ . بۆ نمونە سروشتی مرۆڤ كە وا هەڵكەوتووە حەز بە ئازادی دەكات لە هەمان كاتیشدا ویستی بەرژەوەندی تاكایەتی خۆشی هەیەو تێكۆشان دەكات بۆ ئەوەی بیهێنێتە دێ . ئەگەر لە سەر حیسابی خەلكی تریش بێت . ئێمە كە دەڵێین یەكیەتی و ململانێ ، یەكیەتیەكە لە پێناو كاری هاوبەشە و ململانێكەش زیاتر دەچێتە خانەی بەرژەوەندی تاك .كە دەڵێین مرۆڤ لە كاتی نووسینی بابەت لە سەر لیكۆڵینەوەی سیاسی دەبێ بێ لایەنانە بنوسێ ، كاری وەها ئاسان نیە چونكە بێ لایەنی ئەگەر لە كاری حیزبایەتیش هەبێت ،بێلایەنی لە فكر ،دەربڕینی بیرو بۆچون زەحمەتە . هەموو كەسێ حەز دەكات بیروبۆچوونەكانی خۆی بە سەر بابەتەكە زاڵ كات ، گیرو گرفتەكە لێرەیە . بەڵام ئەگەر شمولیانە بنوسێ و دیاردەو شتەكان بەیەكەوە گرێ دات وئەوەی دەبیستێ یان دەبینرێ یان هەل و مەرجەكە قبولیەتی بخاتە سەر ڕووپەڕی بابەتەكی لە كارەكەی سەركەوتووتر دەبێت . لێكۆڵینەوەی سیاسی بۆ هەر نەتەوەیەك یان پارتێك لە سەر دەسەڵات بێت یان لە بەرەی ئۆپۆزسیۆن بێت زۆر گرنگە . چەندی گۆڕەپانی لێكۆڵینەوەی سیاسی فراوان و ڕای جیا جیای تێكەوێ ئەوەندەی تر مێشكی مرۆڤ دەوڵەمەندتر دەبێت و لە بڕیار دانی سیاسیش زیاتر شوێنی ڕاستەقینەی خۆی وەردەگرێ . فراوانبوونی لیكۆڵینەوەی سیاسی لە ناو هەر حیزبێك ،یانی گیانی زیندویەتی دەداتە ئەو پارتەو لە ژیانی تەكەتول و تەكەتولكاری دووری دەخاتەوە . چونكە بە لێكۆڵینەوەی سیاسی

فەرزی سیاسی و خەلکی لێوەشاوە بە دەردەکەون و بنکەی ئەو پارتەو جەماوەرەکەی دەنگی بۆ دەدەن و لە ڕێگایەوە شوێنی تەکەتول و دەستەو دەستە گەرێتی دەگرێتەوە . لە هەشتاکان لیکۆڵینەوەی سیاسی لە ناو یەکیەتی و کۆمەڵە زۆری لە سەر فکر بوو ، ئەو کاتی چەندەها مەدرەسە لە ناو ڕێبازی مارکسیزم لینینزم سەریان هەڵدابوو و خەلکەکە لیکۆڵینەوەیان لە سەر دەکرد .بەڵام ئیستاکە ئەو لیکۆڵینەوە فکری و سیاسیانە بەتەواوەتی لە ناو ئەو پارتە مرێندراوە . بە قەناعەتی خۆم پێم وانیە زۆرەکەی لە بەر ئەوەوە بێت کە ئەو پارتە خەلکی نەبێت لیکۆڵینەوە بکات و هەلو مەرجەکان هەڵسەنگینێ و بە دوایەوە کاری ڕۆژانەی لە سەر بکات . چونکە دەبێ ئەوەش بڵێین وەک لە ئاماژەکەی سەرەوەش ئیشارەتم پێ کرد ،دەبێ لێکۆڵینەوەی سیاسی دوور لە خواستی حیزبایەتی و بەرژەوەندیەکەی تەماشابکرێ . بۆ کەسایەتیەکی سیاسی وەک هەر زانایەکی تر کاتێ کە داهێنانەک دەکات لە تاقیگە لە پیشەوە دەیسەلمێنێت ،ئینجا قسەکانی لێ وەردەگیرێ . لێکۆڵینەوەی سیاسیش وەهایە دەبێت بابەتەکەی ڕەنگدانەوەی هاوکێشە سیاسیەکانی دەوروبەرەکەوە بێت و ناکۆک نەبیت لە گەڵی . بە قەناعەتی خۆم کە یەکیەتی و پارتە کوردیەکانی تر کە خۆیان لە لیکۆڵینەوەی سیاسی مەنهەجی دەدزنەوە یان زۆر گرنگی پێ نادەن مەسەلەکە زیاتر بەرژەوەندە . چونکە کاتێ کە لیکۆڵینەوە سیاسیەکە دەکەوێتە دەرەوەی بەرژەوەندی خواست و مەبەستەکانیان یان خۆی لێ دەدزنەوە یان بانگێشەی ناڕاستبوونی ڕادەگەیەنن . وەختی خۆی بەڕێز دکتۆر بەرهەم سالح کە وتەبیژی یەکیەتی بوو لە دەرەوە لێدوانەکانی بۆ کەناڵە ڕاگەیاندنەکان بە مەوزوعی دەهاتە پێش چاوانەوە .ئەوە وێڕای دیاردە سەلبیەکانی ئەو سەردەمی ،بەڵام بە زیرەکانە لێدوانی لە سەر دەکردو لە ڕێگەیەوە زیاتر خزمەتی حیزبەکەشی دەکرد ، بەڵام ئێستانەکینی کە دەسەڵاتی لە بن دەستە تا زۆر ڕادە جۆرێکی ترە . ئیستاکە زۆربەی لێدوانەکانی یەکیەتی بە سەعدی پیرە دەسپێرن ،چونکە ئەو بە شارەزایی شتەکان پۆشتە دەکات و دبلۆماسیانە دیاردەکان بە یەکەوە دەبەستێتەوە . دیارە فەن و فنونی هەر لیکۆڵینەوەیەکی سیاسی یان کاری دبلۆماسی لۆ پارتەکی لە بابەت یەکیەتی وبە پارتە کوردەکانی ترەوە کارێکی وا ئاسان نیە ،چونکە کەسەکە ناتوانێ بە سەعدی پیرەو دکتۆر بەرهەم و ئەم و ئەوی تریشەوە بابەتیانە لیکۆڵینەوەکە بکەن ، جا دەبێ بۆ کەسایەتی لەو بابەتانە کە کورد دەڵێ نە شیش بسوتێ نە کەباب . لە لایەکەوە نابێ وا لە پارتەکەیان بکەن کە دونیا بۆیان مافوور ڕێژ کراوەو هیج لەکەبەرێکیان پێوە نیە وە نەدەشبێ ملی حیزبەکەیان بۆ هی تر لە حاردی بدەن . قسەو باسی زۆر دەکرێ کە خەلکانێکی زۆری ئەو حیزبە لە سەر قسەو لیکۆڵینەوەکانیان ڕەزیل کراون . جا بۆیە بەشی هەرە زۆربەی مەسئولەکانی یەکیەتی لە قسەی عامی ئەو حیزبەوە بەولاوە هیچ لیدوانێکی تر نادەن، وەک ئەوە بڵێن ئاگرە سوورە لە خۆم بەدوورە .عیماد ئەحمەد وەختی خۆی بە خۆی و کوڕێکەوە بە ناوی کەریم کۆمەنیستی زیاتر لە چوار کاتژمێر لە گەڵ من کەوتنە موناقەشە کردن کە پێکەوە ئاڵای شۆڕش بووین . ئەو کاتی ئەو ڕێکاوڕیک وەک مەلا بەختیار ئاسا فۆتۆکۆپی باوەڕەکانی حیزبی ڕادیکاڵی کۆمەلەی زەحمەتکێشانی ئێران بوون،کە دواتر بوونە پارتی کۆمەنیستی ئێرانی ئەو سەردەمی و پارتی کۆمەنیستی کرێکاری ئێستەی ئیرەنە . کوڕە خۆ هەموو دونیای دەدا بەرێ . شووعیەکانی پێ تەحریفی بوون یەکیەتی و پارتی پێ برژواو کۆنەپەرست بوون وتێکڕای کامپی سۆڤیەتی پێشووی پێ ئیمپریاڵ بوون و لە بیرو بۆچوونەکان لە پارتی کۆمەنیست و ئەو خەلکانەی کە دەهۆڵ بۆ بووچوونەکانی ئەو لێ دەدەن ،بەولاوەە کەسی تری پێ هیچ نەبوو . بەمەشی دەگۆت بڕۆن بورژوواینە چۆن دەبێ پڕۆلیتێری تەساهول لە گەڵ ئەم و ئەو بکات . خۆی وەها بە جارێک کردبووە ئەو واتە ئەو ڕێبازەی کە بڕوای پێیەتی دەبوایە بزەبت چۆن لە ناو کوردەواری بە هەندەک کەسانی زۆر زۆر دەگمەن دەڵێن دەروێش واتە لە خوا پەرستی و خزمەت کردن بە مزگەوت بەولاوە ،مالی خۆشیان لە خۆیان حەرام کردیە . بەڕاسی عیمادەکەی ئێمەش خۆی بە مجێوری لەو بابەتانە دەهێنا پێشەوە . بەڵام من بۆم نەدەسەلماندن و زیاتر بیرو بۆچوونەکانی حیزبی شوعی عیراقیم بە هەموو کەم و کورتیەکانی لە ڕێبازەکانی ئەوان پێ باشتر بوو . بە بۆچوونی وان حیزبی شوعی پارتەکی خۆ پارێزە . کەچی ئێستاکە ئەو دوو برادەرە یان کۆنە هاوڕێیە لە خۆ پارێزی چەند قات لە خوارەوەی حیزبی شوعین و منیش بەو شێوەیە لیدوانی سیاسی دەدەەم کە لەو نوسینەم و دەیان نووسینی ترم بە دەر دەکەوێ . وەختی خۆشی کە لە چیا بووم لەوشوێنانەی کە جەولەم دەکرد بە تایبەتی لە ناوچەکانی خۆشناوەتی و دەشتی هەولێرو دۆڕێ شاورێ و شوێنی تر بە ئاخاوتن با لە گەڵ جوتیاران و ماڵەوەویان ،

نەدوەکردنەکان . قسەوباسی ناو پێشمەرگانەمان ،کۆبوونەوەکانمان ، بەشداری کردنم لە کۆنفڕاسەکان ،لە هەموویان جەختم لە سەر دیاردەی نالەباری شەڕی نواخۆو دیاردە نادیموکراتیەکانی حیزبی و کارو کاردانەوەی مەفارزی چەکداریم دەکرد کە ئەو قسەو لێدوانانە بۆ ئەو سەردەمی ئەوەندە مەترسی دار بوو هەر نەبێتەوە ، زۆر کەس هەبوو پێیان دەوتم تۆ ملی خۆت لە پەتی دەخشێنیت .کەچی ئێستا بۆ ئەو کابرایە واتە عیمادەکەمان ڕێکاو ڕێک کەوتۆتە بوارو هەوارەکی تر.
جارەک ع وەک بڵی ئاگەر سورە لە خۆم بەدوورە خۆی مەلاس داوەو بیدەنگی لی کردووەو لە قسەی عام بەو لاوە هیچی تر ناڵی و ئەویش لە کورتیەکەی دەیبڕێنێتەوە و تەماشای دەمی مام جەلالی دەکات و هەرچی لە دەمی ئەو بەڕێزە دێتە دەرێ و ئەو خێرا کۆپی دەکاو بۆ خەلکانی لە خوار خۆی دەڵێتەوە . زۆر جارمن کە گوێ لە قسەکانی ڕادەگرم بە دەست خۆم نیە پێکەنین دام دەگرێ ولە بن لێوانەوە دەڵێم ئەو عیمادە شەش دەوەکەی ئالای شۆڕش بۆ وای لێ هاتووە . جارو بار لێرەو لەوی مەلا بەختیار لێدوان و هەندێ لیکۆڵینەوە دەکات ،بەڵام چەندی هەڵی دەسەنگینی لە قسەکۆنەکانی بە پۆشتەی ئێستا زیاتر هیچ مانایەکی ترت ناداتێ ،جا ناشزانم قیادەی حیزبەکەی یان مام جەلال کە سەرکۆنەی ئەم و ئەو دەکات ئەویشی لە گەڵە یان نا . ئەو قسانە بەڕێز کاک نەوشیروان ناگرێرتەوە چ ئەو کاتانەی کە لە هەرەتی دەسەڵات بوو چ ئەو کاتانەی لێدرا چ ئێستاکە . هەموو کاتێ قسەکانی خۆی کردووەو ئەوەی لە ڕێگەشیەوە بەسەری هاتووە تەحەمولی کردووە .مەبەستم لە بەر ئەوەوە نیە وەک بڵێم قسەکانی هەموو ڕاست و دروست بوون یان بە پێچەوانەوە،ئەو قسەی خۆی دەکرد جا چۆن لێک دەدرایەوە نادرایەوە ، شتێکی تر بوو.جارەک لە ناو ڕاگەیاندنی یەکیەتی بە تایبەتی کوردستانی نوێ ئەو بەشە واتە لێکۆڵینەوەی سیاسی بە شێوەیەکی بابەتیانە هەژاریەکی تەواوی پێوە دیارە ، لە بەر خۆم نیە کە بە چەندەها بابەت لەهەمان بوار لێیان چووبمە پێشەوەو بڵاویان نەکردۆتەوە ،بەلکو ئەدی هی خەلکی تر ،حەتمیەن بۆ ئەوانیش وەک هینەکەی من کەوتوونەتەوە . باشە با بڵێین لە ناو پارتە سیاسیە کوردیەکان کەمتەرخەمی هەیەو هۆکارەکانیش ئاماژەکانی سەرەوە بیان گرێتەوە . ئەدی بەرەی ئۆپۆزسیۆن ، ئەدی سایتە کوردیە بێ لایەنەکان ، خۆهەرشتێکیان لەبابەت لێکۆڵینەوەی سیاسی بدەیتێ بڵاوی دەکەنەوە ،کەچی بۆچی لەوێش بە پلەیەکی هەندەک کەمتر لە دەزگا حیزبیەکان ، هەمان هەژاری پێوە دیارە . من نایشارمەوە بەشی هەرە زۆری ئەو بابەتانەی کە لێکۆڵینەوەی سیاسیان لە سەر دەکەم سودم لە سەرچاوەی دەرەوەو بابەتەکانیان وەرگرتیە. عەرەبەکان ،ئەگەر دەسەڵاتیش خۆی لە ئاستیا بێ دەنگ کردبێ، بەڵام ڕۆشەنبیرانی ئۆپۆزسیۆنیان لێیەوە بێ دەنگ نینە . سەردەمی شاخ ئەگەر بابەتیانە بدوێم شوعیە عیراقیەکان پلەی شێریان لە چاو هەموو حیزبیە کوردەکان وەرگرتبوو لە مەڕلێکۆڵینەوەی سیاسی و فکری و بە یەکەوە بەستنەوەی دیاردەکان و کاریگەرییان لە سەر یەکتری . لە پاش هەرەسهێنانی شوعیەتیش یان بە ناوی شوعیەت لە ئاستی جیهان ، لێکۆلینەوە سیاسیەکانی پێشتریان بۆ کەسایەتیەکانیان ببوە زەخیرەیەکی زیندوو و ئیستاشی لە گەڵدابێ ڕاگەیاندنی دەورو بەر بە عەرەبی و کوردی پێیەوە دیارە . ما ڕاگەیاندنی پارتی دیموکراتی کوردستان ئێستاکە بە تایبەتی لە پاش ڕاپەڕینەوە کی بەڕێوەی دەبرد ،وەڵام : کۆنە شوعیەکانن . لە ناو تەشکیلەی عیراقیش لە ناو پارتە عیلمانیەکان بە تایبەتی بەرەی العیراقیة. دەست و پەنجەی ئەوان لەناو ڕاگەیاندن لەپێشە . ڕاستە ئەوان بۆ خۆیان هیچیان پی نەکرا ، هەلومەرج بێ ،هۆکاری تر بێ هەلەو هەلەکاریەکانیان بێت ، بەڵام لە عمومیاتی شتەکان بە تایبەتی لە بواری ڕاگەیاندن جی پێ شوێنیان بۆ خوار خۆیان بەجێ هێشتووە .
ئێستاش من بۆ سایتەکان ئەوە دەخوازم کە ناو ناوە لە سەر مەسەلەی ئافرەتان و شتی ترەوە دەروازەیەک یان حیوارێکی دیموکراتیانە لە سایتەکەیان دەکەنەوە کە نووسەران لە ڕێگەیەوە قسەی خۆیان تیا دەکەن . دەروازەی وەهاش بۆ لیکۆڵینەوەی سیاسی و هەلسەنگاندنی باری کوردو ناوچەکەو تای تەرازووی هیزە ناکۆک و کۆکەکان لە گەڵ یەکتری لە ڕێگایەوە ئەگەر ئەو سنوورە فراوانیەکی گونجاوی بەخۆوە دیت و کەسایەتی بە توانە لیی هاتنە پێشەوە ، بە هۆیەوە کارتێ کردنی پۆزەتیڤی دەبێت بۆ فراوان بوونی سنووری بیر کردنەوەی مرۆڤ .